ئۆجەلان: سەرکەوتنی پێسەی ئاشتی ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ گەڕانەوەی پەنابەرانی مەخمور



عەبدوڵا ئۆجەلان، ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکە، لە پەیامێکدا بۆ کۆنفرانسی ئەنجوومەنی ژنانی کەمپی پەنابەرانی مەخمود جەخت دەکاتەوە کە "بۆ ئازادیی ژن، سۆسیالیزم نایێتە دی." دەشڵێت، داننان بە گۆڵی کورد لێناو یاسادا، لە ڕووی چارەسەریی هەمیشەییەوە گرنگە. جەختیش دەکاتەوە، من باوەڕم وایە کە سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ گەڕانەوەی پەنابەرانی مەخمور بۆ سەر خاکی خۆیان.

عەبدوڵا ئۆجەلان پەیامێکی ئاڕاستەی کۆنفرانسی ئەنجوومەنی عەشتاری کەمپی پەنابەرانی مەخمور کردووەو تێیدا وتوێژێتیە"هیوادارم کۆنفرانسی ئەنجومەنی ژنانی مەخمور کە ئەنجامی دەدەن، تێکۆشانی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی بەرز ڕابگرن، ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانتان لە دامەزراندنی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراسیدا بجێبهێنن."

ئۆجەلان وتوشیەتیە"خۆگۆڕیاندنە سۆسیالیزم، بۆ ئازادیی ژندا تێدەپەڕێت. بۆ ئازادیی ژن سۆسیالیستبون نایێتە دی. سۆسیالیزم نایێتە دی. لەم سەنگەرەوە بناغەی خەباتی سیاسی، ئابووری،

کولتووریی ئەنجومەنی ژنانی مەخورمان، پێویستە لەسەر ئەم بنەمایە پێکبێت."

هەمای بە ئەوەش کردوە "گەلی مەخورمان کە بەزەرملە لە شوێن و زێدی خۆیان دابڕێندران، سەرەڕای هەموو زەحمەتی، چەوساندنەوە و ستەمکاری دەستیان لە ناسنامە و کولتووری خۆیان هەڵنەگرت، لە چوارەنییدا بنیاتنانی ژیانێکی شیاویان سەرخست کە بونە بەشێک لە تێکۆشانی ئازادی. جێی ئەوان لە تێکۆشانی ئەمدا قسە هەڵناگرێت."

هەروەها هەمای بە ئەوەش کردوە "دانان بە گەلی کورد لەناو یاسادا، کرانەوەی کەناڵکانی سیاسەتی دیموکراسی، خستنە ژێر ئاسایشی ماف و ئازادی لە هەوی چارەسەریی هەمیشەییەوە گرنگە. گەلانەوەی گەلی مەخموریش لەم هەلومەرجەدا مانادارە. بەئەوەی گەلانەوە بە وەات بێتە دی، پێویستە زەمینەی سیاسی، یاسایی و کۆمەڵایەتی بەخسێنرێت، نەک تاکەکەسی و خەزانی، گرتنەبەری گەلانەوەی کۆلەکتیف لە چوارچێوەی سیاسی و یاساییدا، ناچارییە."

ئەوەشی خستەڕوو"گەلی مەخمور کە ستەمدیدەی شەڕ و پێکدادانەکانن، لە هەمان کاتدا بکەری ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراسیشن. من باوەڕم وایە کە سەرکەوتنی پرسەی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراسی ڕێگە خۆشکەر دەبێت بە گەلانەوەی ئەوانیش بە سەر خاکی خۆیان، لەم چوارچێوەیدا لەگەڵکەمان و کۆنفەدانسکەتان سەاودکەم."